# ئەحمەد بەحری: لە ڕێنوسدا پاشاگەردانییەکی پڕ زیان باڵی بە سەر نوسینی کوردیدا کێشاوە

**بەمەبستی ئاشنابوون بە دەستەی گۆڤاری مەهاباد و نوسەر و ئەدیبانی ڕۆژهەڵات، بە باشمان زانی وتوێژێک دەربارەی کارەکانی گۆڤارەکە لەگەڵ سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە سازبکەین:**

ئامادەکردنی: کارزان خدر- ڕێباز مام شۆڕش



*سەرەتای دەرکردنی بیرۆکەی گۆڤاری (مەهاباد) بۆ کەی و بۆ چ مەبەستێک دەگەڕێتەوە؟

-سڵاو و ڕێزی تایبەتم بۆ خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری «باران» هەیە و ماندوو نەبوونی لە ئێوەش دەکەم. هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩ وە بە فەرمی پێمناوەتە مەیدانی خزمەت بە ئەدەب و کەلتوری گەلەکەم. چەند ساڵ دواتر ئەرکی بەڕێوەبردنی «ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد»م کەوتەسەرشان. لە هەلومەرجی زۆر دژواری ئەو سەردەم لەهیچ کۆششێک درێغیم نەکرد. هەر لەو سەردەمەوە کەڵکەڵەی ئەوەم هەبوو کە گۆڤارێکم هەبێ بۆ کەوتنە شوێن ئاوات و ئامانجەکانم. سەرەنجام پشوودرێژی و دوای هەڵات هەڵاتێکی زۆر، ئیزنی دەرکردنی گۆڤاری «مەهاباد»مان ساڵی ٢٠٠٠ بە فەرمی وەرگرت.

* ئامانجتان لە دەرکردنی گۆڤارەکە چی بوو؟

-مەهاباد لە سێ بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی تێکۆشانی خۆی لە پێناو خزمەت بە گەل و نیشتمان دەست پێکردووە.

* سەرەتا تا چەند ڕێگریتان لێ کرا لە دەرکردنی گۆڤارەکە؟

-لەو سەروبەندەدا ڕێگرییەکە دژواریی وەرگرتنی ئیزنی فەرمی لەلایەن کاربەدەستانەوە بوو، چوار ساڵ لە نۆبەدا مامەوە و کۆڵم نەدا. ئەو سەردەم داخوازیی وەرگرتنی جەریدە زۆر بوو؛ دەرگای لێ دەرچوونیش نیوەداخراو.

*ستافی گۆڤاری مەهاباد لە چەند کەس پێکدێن؟

-لە سەرەتای دامەزرانییەوە، هەمیشە شەش حەوت کەسی لێ بووە و زۆربەی هەرە زۆریشیان خۆبەخشانە کاریان تێدا کردووە.

*نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆشنفکران و ئەدیبان بەگشتی بە دەم گۆڤارەکەوە هاتن؟

-مەهاباد لە ماوەی شازدە ساڵ تەمەنی خۆی هەزاران بابەتی جۆربەجۆری چاپ و بڵاو کردووەتەوە، کە سەرجەم خۆی لە سی (٣٠) میلیۆن لاپەڕە دەداتەوە، ئەوانە هەمووی نوسەران و وەرگێڕان و ڕۆشنفکران و ئەدیبان بۆ گۆڤارەکەیان نووسیوە.

*گۆڤارەکە زیاتر گرنگی بە چ بوارێک دەدات؟

-هەر وەک باسمکرد مەهاباد لە سێ بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی تێکۆشانی هەیە. ئەم سێ بوارە تا ڕادەیەک هەموو لایەنی ژیانی کورد دەگرێتەوە. لە نێو ئەمانەدا بۆ زمانێکی پوخت و پاراو، ڕێنووسێکی زانستییانە و هەمەگیر، ئارشیوێکی دەوڵەمەند پتر تێکۆشاوین.

* لە ڕووی داراییەوە کێ هاوکاریتان دەکات؟

-خەڵک، لەم شازدە ساڵەدا خەڵکە وشیارەکەمان هەمیشە پشتیوانمان بوونە. گەلاڵەی ئابوونمان لەم شازدە ساڵە بە گەرمی بەردەوام بووە و تا ئێستا نەبڕاوەتەوە. هەندێ جاریش کەسانێکی تێگەیشتوو سپانسێری گۆڤارەکە بوونە.

* ئەو گرفتانە چین کە توشتان دەبنەوە لە کاتی دەرکردنی گۆڤارەکەدا؟



-چاپ و بڵاوکردنەوە زەمەنێکی زۆر دەبا، هەر بۆیە بۆ زۆر ڕووداو و کارەساتی کە ڕوو دەدەن ناتوانین بەڕۆژ بین، زۆر جار ئەو بیرۆکەیە مێشکمان ئازار دەدا کە لە زەمەن بە جێ ماوین، بەڵام دڵمان بە ئەوە خۆشە کە ئارشیو دەوڵەمەند دەکەین.

*تا ئێستا نوسەرەکانتان توشی کێشەوگرفت بوونە لە لایەن دەوڵەتەوە؟

-هەر شوێنەی کەشوهەوای تایبەتی خۆی هەیە و بێگومان جلوبەرگی تایبەتی خۆشی دەوێ. سیاسەتی گۆڤار هەرگیز ئەوە نەبووە

کاروانی تێکۆشانی خۆی  بە کۆڵانی بنبەستدا بەرێ. خاوەنقەڵەم دەتوانێ زمانی خۆی وەها هەڵبژێری، کە هەموو شتێکی پێبوترێ. پێموایە مەهاباد لەم بوارەوە سەرکەوتوو بووە.

**-تا چەند گۆڤارەکە بۆتە هۆی بوژانەوەی ئەدەب و فکرو لێکۆڵینەوە و بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی کوردی؟**

-ئەو پرسیارە دەبێ لە خوێنەرانی گۆڤارەکە بکرێ.

***پەیوەندیتان لەگەڵ نوسەرانی کوردستان چۆنە بەگشتی؟ بەتایبەتتریش باشوور؟**

-پێوەندیمان باشە، بەڵام قەرار نییە هەموو نوسەرێک گۆڤارەکەی خۆش بوێ، مەهاباد کورەباشەکە نییە دڵی هەموو کەس ڕاگرێ. واش نەبووە کوردایەتی هەر بە تەرازووی خۆمان هەڵکێشین و بڵێین هەر ئێمە هەین. ژیانی پڕ لە چەرمەسەری کوردەواری پڕیەتی لە بەستێنی کار و تێکۆشان، ئەوەندە بەربڵاوە کەس وە کەس ناکەوێ، مەگین لێک لە بیانوو بین. لەم ناوەدا ئەوەی پێوەندی بە مەهابادەوە هەیە، ئەمەیە کە تێکۆشاوین ڕێزمان بۆ هەموو لایەک هەبێ و بۆ ئامانجی خۆشمان تێکۆشین.

هەتا گرفتی سنوور نەبوو، مەهاباد بە باشی دەگەیشتە باشوور، دەمێکە ئەمە گرێی تێکەوتووە و ئێمە ئاگامان لە هاتنی گۆڤار بۆ ئەم دیوە نییە. زۆر لە قەڵەمەکانی باشوور دەناسین و ڕێزمان بۆیان هەیە.

***گۆڤارەکە تا چەند بۆتە هۆی پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسان؟**

-لە ماوەی ئەم شازدە ساڵەدا گەلێ کەس کاریان لە مەهابادا کردووە. ئەمانە ئێستا بەشێکن لە ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی ئێرە.

***تا ئێستا کێشەتان بۆ دروستبووە لەسەر ئەو بابەتانەی، کە لە گۆڤارەکەدا بڵاویاندەکەنەوە؟**

-تاکوتەرا گرفت ڕوویداوە، بەڵام ڕابردووە. با بە ڕاشکاوی




**مەهاباد لە سێ بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی تێکۆشانی هەیە. ئەم سێ بوارە تا ڕادەیەك هەموو لایەنی ژیانی کورد دەگرێتەوە. لە نێو ئەمانەدا بۆ زمانێکی پوخت و پاراو، ڕێنووسێکی زانستییانە و هەمەگیر، ئارشیڤێکی دەوڵەمەند پتر تێکۆشاوین.**

بڵێم پێدەچێ زۆر بابەتی بڤەشمان چاپکردبێ، بەڵام سیاسەتبازی و حیزبایەتیمان نەکردووە. نوسەر نابێ تووشی ئەم شوبهەیە ببێ، چونکە نووسەری باشە سیاسەتمەداری باشیشە. نووسەری ئاوا دەبێتە ماکەی قەیران بۆ خۆی و بۆ ئەو سیاسەتەی دوای کەوتووە.

***تا چەند توانیوتانە لە گۆڤارەکەتاندا شوێنەوارە مێژووییەکانی موکریان بناسێنن ؟**

-مەهاباد لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا پەلی بۆ زۆر لایان هاویشتووە، یەکێک لەو لایەنانەی بە لایەوە گرنگ بووە ئاوڕدانەوە سەر شوێنەوارە مێژووییەکانە. گەلێ بابەتمان لەم بارەوە چاپکردووە. هەر کەس، چ ئەمڕۆ و چ لە داهاتوو، بیەوێ لە کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی هەبێ، مەهاباد سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە.

*** گۆڤاری مەهاباد لە زیندوو ڕاگرتنی زمانی کوردی، چ پێگەیەکی هەیە؟**

-زمان بە لامانەوە یەکجار گرنگە، بە ڕێزمان و ڕێنووس و هەموو لایەنەکانییەوە. تێکۆشاوین ئەزموونی پێشینیان لەبەرچاوبگرین، گرفتەکانی ئەمڕۆ دەستنیشانبکەین، بۆ قەبووڵکردن، یان نەکردنی هەر بابەتێکی زمانی، نیگای زانستییانەمان هەبێ و پشت بە بەڵگانەوە ببەستین. زۆرمان هەوڵداوە زمانی کوردی لە ژێر هەیمەنەی زمانانی دراوسێ دەربێنین، بەتایبەت لە ژێر هەیمەنەی زمان عەرەبی. سەرەڕای پوختی و پاراوی زاراوەی موکریانی نەمانویستووە زمانی گۆڤار زۆر موکریانی بێ. بایخ دەدەین بە بابەتی «لە پێناو زماندا»

***تا ئێستا هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندەر و ڕێنوسی کوردی؟**

-ئەگەر مەبەست لە زمانی ستاندارد ئەوە بێ، کە بە کوردییەکی بنووسین هەموو لایەک لێی حاڵی بین و خۆ لە ناوچەگەری دوور بخەینەوە، بەڵێ ئەو هەوڵمانداوە، بەڵام با ئەوەمان لە بیرنەچێ، داری زمانی ستاندارد بەم زووانە نایەتە بەر و گەلێ ئاستەنگی لە سەر ڕێگا هەیە. زمانی ستاندارد ئەوەنیە هەموو تواناکانی زمانیی زاراوە و بنزاراوەکانی بۆ فیدابکەی. کاری ئێمەمانان ئەوەیە ئەو توانایی زمانییانەی کە دەستمان پێیان ڕادەگات، بێنینە خزمەت ئەو زمانەی، کە هەموو لایەک تێیبگات. بێتوو هەموو لەو ناوچانەی لێی دەژین و کاری نوسینی لێ دەکەین، بەو نیگایەوە نەچینە پێش، نەک سوودمان بۆ زمانی ستاندارد نابێ، بگرە بۆی دەبینە ئاستەنگیش. هەر بۆیە ئێمە لە مەهابادا لەلایەک خۆ لە ناوچەگەری دوور ڕادەگرین و لە لایەکیش بە شانازییەوە هەوڵدەدەین تواناییەکانی زمانیی ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی دروست بێنینە خزمەت ئەو زمانەی، کە ناومان ناوە زمانی ستانداردی کوردی، ئەڵبەتە بەشە سۆرانییەکەی.

بۆ ڕێنوس هەوڵێکی زۆرمان داوە. لە ڕێنوسدا پاشاگەردانییەکی پڕ زیان باڵی بە سەر نوسینی کوردیدا کێشاوە! کەس بە ڕەبەی کەس ناپێوێ! هەرچی دەستیدایە قەڵەم، خۆی پێ عالمە لەم بەستێنەدا! پسپۆڕی وەهاشمان تێداهەڵنەکەوتووە، هەموو لایەک باوەڕی پێبێنن. سێ هەیمەنەی زمانی دراوسێکانمان گوشاری بەرچاوی خستووینە سەر، هەر قەڵەمەی بەرەو لایەک نوێژ دەکات. سەرجەمی ئەمانە وای کردووە زمانی کوردی لە باری ڕێنووسەوە، زمانێکی شپرێو و بێنەزم بێتە بەرچاو.



*** دەکرێ بڵێین بە گشتی گۆڤاری مەهاباد بۆتە قوتابخانەیەک بۆ نوسەر و شاعیر و ئەدیبانی ناوچەکە ؟**

-وەڵامی ئەم پرسیارە لە لای من نییە، کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە. با ڕەخنەگران و شارەزایان کە ئاگاداری نێوەڕۆکی مەهابادن وەڵامبدەنەوە.

**–ئەو پاشکۆیانە چین کە لەگەڵ گۆڤارەکە دەردەچن؟**

«کانی» پاشکۆی مەهابادە، تایبەتی منداڵان و مێرمنداڵانە، 20

لاپەڕەی چوار ڕەنگە. بە لامانەوە یەکجار پڕ بایخ و گرنگە. سەرەڕای گرفتی ماڵی کە هەمانە، سەربەخۆ چاپدەکرێ و وێڕای مەهاباد بە بەلاش دەدرێ بەو باوک و دایکانەی مەهاباد دەخوێننەوە. هەوڵماندا‌وە بابەتی گونجاو و بە زمانێکی ڕەوانی کوردانەی منداڵانە پێشکەشی مناڵان بدەین.

* تا چەند گرنگیتان بە دەستنوسی کۆن داوە؟

-جاران هەوڵماندەدا بە پێی توانا و پێڕاگەیشتن دەستنووس چاپبکەین. بەختەوەرانە ماوەیەکە وەرزنامەیەک بە ناوی «کەشکۆڵ» لە شاری مەهاباد دەردەچێ و تا ئێستا چوار ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە. کەشکۆڵ تایبەتە بە چاپی دەستنووس و کارێکی جوان و بەپێزە. لەوەتی کەشکۆڵ هاتووەتە ئاراوە چاپی دەستنووسەکانمان کەم کردووەتەوە، کار دەبێ بدرێ بە کازانان.

*ئامانج لە بڵاوکردنەوەی گۆشەی کەونەنیشتمان چییە؟

-هەر ئەو نیگا ئارشیڤییەی کە بۆ پاراستنی کەلتور و فەرهەنگی نەتەوایەتی هەمانە، کارێکی وای کرد ئاوڕ بدەینەوە سەر وێنە کۆنەکانی کوردستان. دیارە ئێمە یەکەم کەس نەبووین ئەو کارەمان کرد، بەڵام کەونەنیشتمان جێی خۆی کردەوە و هەزاران وێنەی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کوردەواری لە فەوتان پاراست.

*چیرۆک و پەند و قسەی نەستەق و بەیت لە چ ئاستێکی گۆڤارەکەتاندایە؟

-کەمتر خۆمان لەم بوارانە داوە.

* دوا وتەتان چییە؟

-سەربەرزی و لەشساغیی هەموو ئەوانەی کەڵکەڵەی سەرەکی ژیانیان خزمەتی بێ بڕانەوە بە نیشتمانە.




**مەهاباد لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا پەلی بۆ زۆر لایان هاویشتووە، یەکێك لەو لایەنانەی بە لایەوە گرنگ بووە ئاوڕدانەوە سەر شوێنەوارە مێژووییەکانە. گەلێ بابەتمان لەم بارەوە چاپکردووە. هەر کەس، چ ئەمڕۆ و چ لە داهاتوو، بیەوێ لە کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی هەبێ، مەهاباد سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە**